# مێژووی هەولێر لە نووسینەکانی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی
# دەستنووسی (موجز تأريخ أربيل) بە نموونە

**د. دڵشاد محمود عبدالرحمن**

**زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر– کۆلێجی ئاداب**

dilshad.m.a@su.edu.krd

DOI: https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.017

**کلیلەکانی توێژینەوە:** مێژوو، مێژوونووسین، فەرهادی، دەستنووس، هەولێر.

**پێشەکی:**

**گرنگیی توێژینەوە:** شاری هەولێر بە درێژایی مێژوو و قۆناغە جیاوازەکانی، کەسایەتی و کەڵەپیاوی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، کە شوێن پەنجەی دیاریان لەسەر کایە سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئاینییەکانی داناوە. ئەو کەسایەتییانە ئەستێرەگەلی گەشاوەن لە ئاسمانی مێژووی کوردایەتی بە تایبەتی و ناوچەکە بەگشتی. مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی یەکێك بووە لەو کەڵەپیاوانەی بواری ئاینیی کوردستانی باشوور و رۆڵ و هەوڵ و کۆششەکانی ئەو دیار و بەرچاون، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ زانست و فێرکردن و وانەوتنەوە و نووسین وخوێندنەوە تەرخانکردبوو. لەو ئاکامەشدا شاکاری دیاری لەسەر مێژووی شاری هەولێر و زانستە ئاینییەکان تۆمارکردووە. لەبەر ئەمەش بە پێویستمان زانی ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەت بکەین بە هەوڵ و کۆششەکانی ناوبراو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی "مێژووی هەولێر لە نووسینەکانی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی دەستنووسی (موجز تأريخ أربيل) بە نموونە"یە، هەوڵێکی زانستییە بۆ زەقکردنەوەی مێژووی هەوڵ و کۆششی کەسایەتییەکی ناوداری ئاینیی شاری هەولێر کە مەلا عەبدوڵڵای فەرهادییە و ساغکردنەوەی دەستنووسێکی مێژوویی بەهاداری ناوبراو بەناوی (موجز تاريخ اربيل).

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت؛ تەوەری یەکەمیان کە سێ باس لەخۆ دەگرێت تایبەت کراوە بۆ باسی (ژیان و پێگەیشتن و چالاکییە زانستی و

ڕۆشنبیرییەکانی فەرهادی)، کە بە شێوەیەکی ورد و زانستییانەی هەوڵدراوە زانیارییە مێژووییەکان شی بکرێنەوە و پەنجە لەسەر گرنگترین وێستگەی ژیان و چالاکییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوبراو دابندرێت، هەروەها ئاماژە بە نووسین و بەرهەمەکانی بکرێت لە بڵاوکراوە و دەستنووسەکان. تەوەری دووەم کە لە سێ باس پێکدێت، تەرخانکراوە بۆ باسی (مێژووی هەولێر لە نووسینەکانی فەرهادی). لە میانەیدا، بە تایبەتی ئاماژە بە کتێبی (موجز تأريخ أربيل) کراوە و زانستییانە شەنوکەوی دەستنووسەکە کراوە، لە باسی دووەمیشدا باس لە نووسینەکانی دیکەی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی کراوە سەبارەت بە مێژووی شاری هەولێر. باسی سێیەم و کۆتاییش، تایبەتکراوە بۆ (ڕێبازی فەرهادی لە نووسینەوەی مێژوودا). لەم باسەدا بە پوختی ڕێبازی فەرهادی لە نووسینەوەی مێژوودا ڕوونکراوەتەوە و سەرنج خراوەتە سەر لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ئەو ڕێبازە مێژووییەی گرتوویەتیەبەر بۆ نووسینەوەی بەرهەمە مێژووییەکانی.

**ڕێبازی توێژینەوە:** تویژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی باشتر و زانستییانەتر هەردوو ڕێبازی گێڕانەوەی مێژوویی و ڕێبازی ڕاڤەکاری پەیڕەو کردووە لە نووسینی توێژینەوەکەدا. چونکە بابەتە مێژووییەکان پێویستیان بە پاشخان هەیە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەیان و هەڵوەستە لەسەرکردنیان.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەند سەرچاوەیەکی زانستی و جێی باوەڕ بەستراوە. هەر لە بەڵگەنامە و دەستنووس و کتێب وتار و چاوپێکەوتن و توێژینەوەکان.

## باسی یەکەم: ژیان و پێگەیشتن و چالاکییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی

### 1- ژیان و پێگەیشتنی فەرهادی:

ناوی تەواوی عەبدوڵڵای کوڕی فەرهادی کوڕی مەولوودی کوڕی عوسمانە، لە خێڵی (مەمان)ە، لە دایك و باوکێکی هەژار لە گوندی (لهێبان)ی سەر بە شاری هەولێر, دەوروبەری ساڵی (1918) لەدایکبووە (فرهادي, 2001, ص391). بەڵام بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی بەردەست ساڵی (1-7-1915) لەدایکبووە (البطاقة الشخصية، رقم (942912), 24-6-1980). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا، هەر فەرهادی خۆی نووسیەتی ساڵی (1922) لەدایکبوومە (فرهادی، 2000، وجها لوجه). ئەم ناڕوونی و نەبوونی مێژووییەکی ورد و دیاریکراو لەو ڕۆژگارەدا شتێکی نامۆ نییە بە کۆمەڵگەی کوردی، بە تایبەت ئەگەر لە دانیشتوانی گوندەکان بوو بێت. دایکی ناوی ڕابیعە یووسف بووە (شهادة الجنسية العراقية, 26-10-1981).

لە دواتـردا، خێـزانەکەی مـاوەیەک لە گونـدی (هـێلەوە) و پاشـانیش لە گونـدی (گردعازەبـان) نیشـتەجێبوونە، کە هەر لەوێشـدا بـاوکی کـۆچی دواییکـردووە. لە تەمەنـی حەوت سـاڵیدا، خستوویانەتە بەر خوێندن، فێری خویندنەوە و نووسین بووە. دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن، وەک نەریتی بـاوی ئەو رۆژگـارە، ناچـاربووە دێ بە دێ و شـار بە شـار بە دوای زانسـت و زانیاریـدا بکەوێت. سەرەتا لای مەلا ئەحمەدی گەزنەیی "گوڵستان"ی (سەعدیی شیرازی) خوێندووە. پاشان بـۆ (خـورمەلە) و لەوێشـەوە چـووەتە (خـۆران)ی خۆشـناوەتی بـۆ لای مەلا خـدری دەشـتی. گوندەکانی: (ئازیانە، داڵداغان، نۆغەران، باداوە، پیرداوود، دووسەرە، خەرابە، عالله، گـرد مەلا، دۆلەزە، باشتەپە، پیرزین) یەک بەدوای یەک بۆ خوێندن بەسـەرکردووەتەوە و تیایانـدا مـاوەتەوە. دەوروبەری ناوەڕاسـتی سـییەکانی سـەدەی رابـردوو رووی لە شـاری کەرکـووک کـردووە و ماوەیەک لە مزگەوت و مەدرەسـەی (حـاجی حوسێنی نەوتچـی)دا بـۆ خوێنـدن مـاوەتەوە. پاشـان گەڕاوەتەوە شاری هەولێـر، دواتـریش چـووەتە (هیـران) و (ئـاخوڕە) و (کـۆیە). ئینجـا رووی لە مەدرەسـەکانی خۆشـناوەتی کـردووە، دواتـر گەڕاوەتەوە دەشـتی هەولێـر و چـووەتە گونـدەکانی: (شـیرە، کونەفلووسـە، بێلینـگە). سـاڵی (1940) جـارێکی دیـکە، رووی لە شـاری کەرکـووک کـردووەتەوە، لە (تەکـیەی خەلـیفە کەریـم) مـاوەتەوە (فرهـادي, 2001, ص ص392-394؛ چـاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا عەبـدوللای فەرهـادی، بە مێـژووی (17 تشـرینی دووەمـی 2005)، هەولێر).

سـاڵی (1941) گەڕاوەتەوە شـاری هەولێـر و لە گونـدی (گردەسـۆر، قەشـقە، گـڕاو) درێـژەی بە وەرگرتنی زانست داوە. دواتر، چـووەتە بالیسـان. ئینجا گەڕاوەتەوە بـۆ هەولێـر و لە گونـدەکانی: (شیرێ، ئـۆمەراوە، قوشـقایە) مـاوەتەوە. دواتـریش، لە مەدرەسـەی (شـێخ نـوورەددین) لای مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی لەناو شاری هەولێر درێژەی بە ژیانی خوێندن و وەرگرتنی زانست و زانیاری داوە. پاشان چووەتە گوندەکانی: (جدیدە و ماجید). ئینجا گەڕاوەتەوە شاری هەولێر لە مەدرەسـەی (شێخ محەمەد رەشـکە) خوێنـدوویەتی. جـارێکی دیـکە گەڕاوەتەوە گونـدی (ماجیـد) و دواتـریش چووەتە (عەوێنە) لای مەلا عوسمان خورمەلەیی. پاشان گەڕاوەتەوە شاری هەولێر لە مەدرەسەی (قەڵا) و لەسـەر دەسـتی زانـای نـاودار (عیـززەددین مەلا ئەفەنـدی) (1916-1998) ئیجـازەی مەلایەتی وەرگرتووە (فرهادی، 2000, وجها لوجە؛ البحركي, 2015, ص ص129-131).

دوای وەرگرتنـی ئیجـازەی مەلایەتـی، مـاوەیەک لە گونـدی (سـورێزە) پێشـنوێژ و مامۆسـتایەتی کـردووە. بەڵام زۆری نەبـردووە چـووەتە بەغـدا بە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی زانسـتی زیـاتر، لەو ئاکامەشدا لە مەدرەسەی سولەیمانیە درێژەی بە خوێندن داوە، لەوێـدا لای شـێخ ئەمـجەد زەهـاوی (1882-1967) (منهـاج البیضـاوي) خوێنـدووە. هەروەهـا لای مەلا مـحەمەدی قزلجـی (تفسـیر الكشـاف)ی خوێنـدووە. دواتـر لە مەدرەسـەی (عەبدولئیلاهــ)، لای مەلا سلێمان تـورکی دەسـتی کردووە بە خوێندنی (جمع الجوامع وتهذیب الكلام). ئیجازەی زانستی نوێی لە لایەن شێخ محەمەد شەنقیتی پێبەخشراوە (البرواري، 1999, ص212؛ الكواني, 2001, ص37).

له بەغدا بە فەرمانێکی مەلەکی، بە مێژووی (18ی حوزەیرانی 1947)، کراوە بە واعیزی گەڕۆک لەناو چوار لیوادا: (هەولێر، مووسڵ، کەرکوک و سلێمانی). دواتر بووە بە نووسەر لە دادگەی شەرعی لە هەولێر. ساڵی (1957) گواستراوەتەوە بۆ دادگەی مووسڵ. بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و بووەتە ئیمامی مزگەوتی مەلا نەبی لە گەڕەکی تەعجیل. ساڵی (1960) لە خوولی فێرکردنی تایبەت بە زانایانی ئایینی لە شاری (کەرکووک) بەشداربکردووە (فرهادی، 2000, وجها لوجه).

بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، دامەزراوە فێرکارییە ئایینییەکانی عێراق، تا نزیک ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو بەردەوامبوونە لەسەر کاری خۆیان، بەڵام لەو ماوەیە بەدواوە، لە لایەن وەزارەتی مەعاریف بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (کەتاتیب)ەکان دەرچوو، بۆیە خوێندنی ئایینی کەوتە کزی (کاکەسوور و محمد، 2009, ص ص227, 240). دوای نەمانی سەردەمی پاشایەتیش، حکومەت بڕیاریدا هەڵگرانی بڕوانامەی ئایینی لەسەر میلاکی وەزارەتی مەعاریف، وەک مامۆستای سەرەتایی، دابمەزرێنێت پاش ئەوەی خوولێکی مەشقپێکردن و تاقیکردنەوەیان پێ دەکات (مەلای رەش، 1986, ل140).

لەگەڵ ئەو رەوت و پێشهاتە، مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی لە (20ی کانوونی یەکەمی 1960) بە مامۆستای زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی لەسەر میلاکی وەزارەتی مەعاریف دامەزراوە. بەو شێوەیە نزیکەی هەژدە ساڵ لەسەر راژەی مامۆستایەتی بەردەوامبووە، تا لە ساڵی (1978) خانەنشینکراوە. دواتر گەڕاوەتەوە سەر پێشنوێژی و وتاردان، لەو مزگەوتەی لە گەڕەکی زانیاری بۆ خۆی بنیادینابوو. (1ی تەمووزی 1985) بە یەکجاری خانەنشینکرا. تا کۆتایی ژیانی لەو مزگەوتە پێشنوێژ و وتاربێژ و مامۆستا و موفتی بوو، خزمەتی گەورە و بەرچاوی پێشکەشکرد (فرهادي, مخطوطة صفحات الأيام).

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بە دوای زانستدا وێڵبوو، زۆر ناڕەحەتیی بینی لەو رێیەدا، بە ئەندازەیەک (73) مەدرەسەی ئایینی بەسەرکردەوە بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانست. لەسەر دەستی گەورە زانایان زانیاری و زانستی وەرگرت، بەناوبانگترینیان بریتیبوون لە: (مەلا ساڵحی گۆزەپانکە، مەلا رەزای واعیز، عیززەددین مەلا فەندی، شێخ ئەمجەد زەهاوی، مەلا محەمەدی قزلجی و.. تاد). نازناوی (الواعظ) و تەخلّوسی شیعری (حوزنی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە (فرهادي, 2001, ص ص392-396).

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی، لە (4ی تشرینی یەکەمی 2010) چووە بەر رەحمەتی خوا و لە گۆڕستانی شارەوانی (معمل قیر) بەخاک سپێردرا. لە پاش خۆی لە دوو هاوسەردا، حەوت کوڕ و هەشت کچی جێهێشتووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ حاکم عەبدولباست مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی، بە مێژووی (22ی شوباتی 2019)، هەولێر).

**2- چالاکییە زانستی و رۆشنبیرییەکانی فەرهادی:**

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی، سەرباری نووسین، خاوەن چالاکی ئایینی و ئەدەبی و ئەکادیمی و پەروەردە و فێرکردنی جۆربەجۆرە، لێرەدا تەنها ئاماژە بە چەند چالاکییەکی دەکەین: دامەزراندنی (جمعیه إتحاد علماء الدین الأحرار) لە ساڵی (1959). بایەخدان بە بواری ئەدەب و دانانی چەندان هۆنراوە بە زمانی کوردی و عەرەبی. گفتوگۆی نامەی ماستەری قوتابی (ابراهیم احمد شوانی) لە زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر، کە ناونیشانی نامەکە بریتیبووە لە: (هۆنراوەی ئایینی و تەسەووف لە ئەشعاری کوردیی شاعیر مەحوی) ساڵی (1996). بایەخدان بە بواری پەروەردە و فێرکردن. ئەندامی لیژنەی پاراستنی دەستنووس لە کۆڕی زانیاریی کورد لەگەڵ بەڕێزان: (مەلا محەمەد عەلی قەرەداغی، د.کوردستان موکریانی، محەمەدی مەلا کەریم و..هتد). (چاوپێکەوتن لەگەڵ حاکم عەبدولباست مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی، بە مێژووی (22ی شوباتی 2019، هەولێر).

**3- نووسین و بەرهەمەکانی فەرهادی:**

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی، شارەزاییەکی باشی لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسیدا هەبوو. چەندان نووسین و وتار و بەرهەمی ئایینی و ئەدەبی و ڕەوانبێژی و مێژوویی چاپکراو و دەستنووسی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی هەیە. لە خوارەوە بە پوختی ئاماژەیان پێدەدەین:

**أ- بەرهەمە بڵاوکراوەکانی فەرهادی:**

1- لمعة البیان في ترتیل وتجوید القرآن:

ئەم بەرهەمە نامیلکەییکە دەربارەی چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە شێوەی تایبەتی و شێوازی تەجویدکردن، کە لە میانەیدا بیست وپێنج یاسا و ڕێسا و هەروەها شێوەی دەربڕینی وشەکان و سیفاتەکانیان و کۆمەڵێك نموونە باسکراوە، ساڵی (1952) لە بەغدا لە چاپخانەی موتەنەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (فرهادی، 1952).

2- ایقاع الخلاف ودرء الإعتساف في اعادة صلاة الجمعة ظهرا:

ئەم بەرهەمە لە شێوەی نامیلکەیەکدایە، دەربارەی بابەتێکی ئایینی دریایکراوە، ئەویش هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییانەی دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانەوەی نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژانی

هەینییە، بە مێژووی (15-6-1956) لە بەغدا لە چاپخانەی موتەنەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (فرهادی، 1956).

3- الحج المبرور والذنب المغفور:

ئەم نامەیە دەربارەی فەریزەی ئەنجامدانی حەج و پاداشت و گەورەیی ئەو فەریزەیە، لەگەڵ دوو بەرهەمی دیکەدا لە ساڵی (1957)دا لە بەغدا لە چاپخانەی موتەنەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (فرهادی، 1957).

4- منافع الصوم ومضار الخمر:

ئەم بەرهەمەی دەربارەی سوودەکانی بەرۆژووبوون و خراپییەکانی خواردنەوە کحولییەکانە، کۆمەڵێك بەڵگەی تێدا بەکارهێنراوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی مەبەستەکانی. ساڵی (1957) لە بەغدا لە چاپخانەی موتەنەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (فرهادی، 1957، منافع الصوم).

5- أحسن الصياغة في حلية البلاغة في فن البيان والمعاني والبديع (علم وأخلاق وحكم):

ئەم کتێبە دەربارەی یاساکانی رەوانبێژییە، ساڵی (1957) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە میانەیدا سەد یاسای رەوانبێژی باسکراوە و جێی رەزامەندی و پەسەندی خوێنەرانی بووە، لە لایەن زانایانی ئایینی کوردستانەوە پەیامی دەستخۆشی و گرنگیی کتێبەکە راگەیەندراوە، بۆیە دووبارە ساڵی (2000) لە چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (فرهادی، 2000).

6- حديقة الازهار في مولد المختار:

دەربارەی پەیامبەری ئیسلام و شەوڕەویی و پەرجووەکانی ئەو زاتەیە، بە شێوەی هۆنراوە نووسراوە. ساڵی (1985)، لە چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (فرهادی، 1985، حديقه).

7- کەلەپور بەشکردن، نظم فرائض الرحبية:

ئەم نووسینە لە شێوەی نامیلکەیەکە بە هۆنراوە بابەتێکی ئایینی – کۆمەڵایەتی روونکراوەتەوە کە

ئەویش میراتە. ساڵی (1985)، لە چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (فرهادی، 1985، کەلەپور).

8- وجها لوجه حضرة رسول الله -صلي الله عليه وسلم:

ئەم کتێبە دەربارەی کۆمەڵێك فەتوایە، بە واتایەکی دیکە پێنج سەد وەڵامی پەیامبەری ئیسلامە دەربارەی پرسە جۆربەجۆرەکانی بیروباوەڕ و ئایین، نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت: (ئەم کتێبە چەند دێڕێکی بەسوودە، سەبارەت بەو پرسیارانەیە کە ئاراستەی پەیامبەری ئیسلام کراون و منیش وەڵامەکانیم بۆ خوێنەران گواسووەتەوە). ساڵی (2000)، لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (فرهادی، 2000).

9- الاكليل في محاسن اربيل وشفاء العليل وسقاء الغليل من تراث مآثر علماء وأدباء أربيل:

ئەم بەرهەمە بە شاکارەکانی مەلا عەبدوڵلای فەرهادی هەژمار دەکرێت، کتێبەکە دەربارەی کەسایەتییەکانی شاری هەولێرە بە جیاوازی قۆناغە مێژووییەکان، کە وەك ئینسایکلۆپیدیاییەکی بچووك دێتەبەرچاو، بەڵگە و زانیاریی نایابی لەخۆ گرتووە. لە میانەیدا، ژیننامەی (465) زانا و نووسەر و شاعیری شاری هەولێر تۆمار کراوە. ساڵی (2001)، لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (فرهادی، 2001).

10- تبصرة المبتدئ وتذكرة المنتهي (نظم المقاصد الامام النووي):

ئەم بەرهەمە دەربارەی زانستی مەقاسدە لە لای ئیمامی نەوەوی بە شێوەی هۆنراوە نووسراوەتەوە. ساڵی (2004)، لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (فرهادی، 2004، تبصرة).

11- میرغوزار:

ئەم بەرهەمەیان دیوانی شیعریی مەلا عەبدوڵلای فەرهادییە. ساڵی (2004)، لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (فرهادی، 2004، میرغوزار).

12- العقيدة الفريدة:

فەرهادی لە پێشەکی ئەم بەرهەمەدا ئاماژەی بەوە داوە کە ناوەرۆکی کتێبەکە دەربارەی دوو

نامەی بە شێوە هۆنراوە نووسراوی دوو کەڵە زانای ئایینی کوردستانە: شێخ محەمەد مەعرووف نۆدێ (مردن 852 ك/1449ز) و شێخ ئەبی بەکر عەبدولڕەحمان سیوتی(مردن 911 ك/ 1506ز). نامەکانی ئەو دوو کەسایەتییە لە سابڵاغ بە دەستوخەتی مەلا عەبدوڵڵای قزلجی ساڵی (1349ك/1931ز) نووسراونەتەوە، فەرهادیش لە هەولێر ساڵی (2004) چاپ و بڵاوی کردووەتەوە (فرهادی، 2004، العقیدة).

**ب- دەستنووسەکانی فەرهادی:**

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی کۆمەڵێك دەستنووسی لە بواری زانستە ئایینییەکان و ڕەوانبێژی و مێژوودا لەدوای خۆی جێهێشتووە لێرەدا تەنها ئاماژە بەناوەکانیان دەکەین: ( بغیة الحكام في تنظيم القسام، قدسية المسجد، أزاهير في رياض الاداب وجواهر بلاغة العرب، مناهل الحكمة، نزاهة القران الكريم من الشعر، المقتطف من الطرائف والتحف، صفحات الايام)(1).

دەستنووسی (موجز تاريخ اربيل)، کە وەك نموونەیەك لە هەوڵەکانی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی لە بواری نووسینەوەی مێژووی شاری هەولێر لەم لێکۆڵینەوەیە وەرگیراوە، بریتییە لە کتێبێکی قەبارە مامناوەند، (بە ئەندازەی (79) لاپەڕەی چاپی کۆمپیوتەری، لەسەر رووپەڕی کتێبدا نزیکەی (240) لاپەڕەیەك دەردەچێت، بە مێژووی (8ی تشرینی دووەمی 1967) لە نووسینی بۆتەوە. کتێبەکە تایبەتە بە مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی شاری هەولێر لە تەوەری داهاتوودا بە تێروتەسەلی لەبارەیەوە دواوین.

**باسی دووەم: مێژووی هەولێر لە نووسینەکانی فەرهادی:**

**أ- دەستنووسی (موجز تاريخ اربيل):**

ئەم دەستنووسە مێژووییە وەك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت بە زمانی عەرەبی دەربارەی پوختەی مێژووی شاری هەولێر نووسراوە. نووسەر لە پێشەکیی دەستنووسەکەدا دەڵێت لە پێشەکییەك و چوار بەش و ئەنجام پێکدێت، بەڵام مەخابن تەنیا پێشەکی و سێ بەشی دیارە، بەشی کۆتایی و ئەنجام ونبووە و دەستمان نەکەوت. دەستنووسەکە مێژووی (8ی تشرینی دووەمی 1967) بەسەرەوەیە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەوڵێکی پێشینەیە سەبارەت بە تۆمارکردنی مێژووی شاری هەولێر دوای چەند کارێکی لەمێژینە دەربارەی ئەم شارە وەك مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی ئاماژەی بۆ دەکات لە پێشەکی دەستنووسەکەیدا، ئەو کتێبەکەی ئیبن مستەوفی قەزوینی (ساڵی مردن 637ك/1240ز) بەناوی (تاريخ أربل) بە نموونە دێنێتەوە، بەڵام دەڵێت لەبەر ئەوەی ئەو

(1) سەرچاوەی زانیارییەکانی لێکۆڵەر بریتییە لە دەستنووسەکانی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی کە لە لای بنەماڵەی ناوبراو پارێزراوە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە لیستی سەرچاوەکاندا ریزکراون.

کتێبە لە پێنج بەرگدا نووسراوە و تەنها یەك بەرگی دیارە و ئەوانی دیکەی ونبوونە و لە میانەی ئاماژەکانی هەر یەك لە نووسینەکانی ئیبن خەلەکان (وفیات الاعیان) و یاقوتی حەمەوی (معجم البلدان) پێمان زانیوە. (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص2).

1- هۆی نووسینی ئەم دەستنووسە:

نووسەر لە پێشەکی دەستنووسەکەدا بە وردی ئاماژە بە هۆیەکانی نووسینی ئەم بەرهەمە داوە و پەنجەی بۆ ئەمانە درێژ کردووە:

یەکەم- لەبەر ئەوەی خۆی رۆڵەی شاری هەولێر و زێدی ئەم شارە بووە، بۆیە وەك نیشاندانی ئەمەکداری و خۆشویستنی شارەکەی ئەم کۆششەی کردووە.

دووەم- لەبەر نەبوونی کتێب و کارێکی زانستی و پوخت دەربارەی مێژووی ژیاری و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی شاری هەولێر. دەڵێت ئەو کارانەی پێشتر لەسەر شاری هەولێر ئەنجامدراون، وەك: کتێبەکەی (ابن المستوفی) بە ناوی (تاریخ اربل)(2) تەنیا یەك بەرگی ماوە لە کۆی پێنج بەرگ. هەروەها کتێبە سریانییەکەی (مشیحا زخا) بەناوی (تاریخ اربیل) (Choroniqued Arbele)(3) تەنها باسی مەدرەسە و کڵێسا مەسیحییەکانی هەولێر دەکات.

سێیەم- دێرینی شاری هەولێر و پێگەی ژیاری و بیناسازی وپارێزگاری لە مانەوەی بە درێژایی مێژوو و زیندوویەتی شارەکە. لەبەر ئەوە بە شایستەی ئەوە دەبینێت کە ناسنامەی پارێزگاری لێبکرێت و مێژووی زانایان و ئەدیبان و شاعیرانی ئەم شارە تۆمار بکرێنەوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص2).

2- پێکهاتە و ناوەرۆکی دەستنووسەکە:

نووسەر ویستویەتی ئەم کۆششە مێژووییە تایبەت بێت بە تۆمارکردنی سەروەرییەکانی مێژووی شارەکە و ناساندنی کەسایەتییەکانی، لەبەر ئەوە ناوی کتێبەکەی ناوە (مراصد مطالع الدليل الى معالم مواطن أربيل)، کە لەسەر رووپەڕی یەکەمی دەستنووسەکە پوختی کردووەتەوە بۆ (موجز تاريخ أربيل). (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص3). باسە سەرەکییەکانی کتێبەکەم بەمشێوەیە:

---

(2) ابن المستوفی، (1980)، تاريخ إربل, حققه وعلق عليه: سامي بن السيد خماس الصقار, وزارة الثقافة والاعلام, بغداد.

(3) دەربارەی بڕوانە: مشيحا زخا، (2005)، کرونولوجيا أربيل، ترجمة وتعليق: عبد الاحد نباتي، دار ئاراس، اربیل.

بەشی یەکەم:

(علم التاريخ, التاريخ مرآة معاكسة, موقع أربيل, أنهار منطقة أربيل, مسكن سيدنا آدم علية السلام, ذرية آدم عليه السلام, مسكن سيدنا شيت عليه السلام, العراق وتسميته, شالخ, اختلاف الألسن واللغات, أولاد سام, الساميون, الهجرة الثانية من العراق, اليمن, مقتل معر بن القبط, عزيز مصر, جالوت, غانم بن علوان, بناء مدينة بابل إحدى عجائب الدنيا السبع, أولاد جم الملك, الشعب الكوردي, أربيل الكردية في أول إرهاب وتقتيل وتنكيل, أنثروبولوجية الشعب, الكوتي في نظر سبايرز, الاكراد في نظر سترابون, نمرود بن كنعان) (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص4-18).

بەشی دووەم:

(أقوال الرحالين والمؤرخين الذين كتبوا عن مدينة أربيل الحبيبة, سكان مدينة أربيل, مشروع ري سنحاريب, كاكزو (قصر شمامك), الآشوريون, فائدة, حدياب (إقليم أريبل), مشروع كهرباء أربيل, أربيل عند سفوح الأيام). (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص19-61).

بەشی سێیەم:

(موجز تأريخ أربيل المتسلسل, السكن في إقليم أربيل, بناء مدينة أربيل, الثقافة, الاكديون, حكام أربيل الكوتيين تطيحون بحكم الاكديين, أسماء الكرد, الآشوريون, الدولة الكاشية (1530-1160) ق.م, أول من سكن أربيل, بعض حكام أربيل في عصر السومريين والاكديين, أربيل عاصمة المنطقة, أسماء أربيل, عشتار أربيل, أربيل ملتقى طرق القوافل, كاكزو (قصر شمامك), حلم صادق, سقوط الدولة الآشورية, أربيل تحت سيطرة الفرس, أربيل تحت حكم دارا, دارا يقارع إسكندر في وقعة أربيل, نشأت إسكندر المقدوني, فائدة لابد من ذكرها) (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص61-79).

بەشی چوارەم:

نووسەر لە پێشەکی دەستنووسەکەدا نووسیویەتی بەشی چوارەم تایبەتە بە مێژووی زانایان و ئەدیبان و پیاوچاکانی هەولێر، بەڵام بەداخەوە ئەم بەشەی دیار نەماوە لەگەڵ ئەنجامی دەستنووسەکە. (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص3).

ج- سەرنج و تێبینییەکان لەسەر دەستنووسەکە:

دەستنووسەکە، بە بەراورد بە سەردەمی خۆی، کتێبێکی بە سوود و چاك بووە، بە تايبەت کە ئەم بەرهەمە پێشەنگ بووە لە تۆمارکردنی زانیارییە مێژووییەکانی شاری هەولێر، بە شێوەیەکی پوخت و بە جیاوازی قۆناغی مێژووییەکانی. بابەتەکانی لە سەرەتای مێژووەوە دەستپێدەکات هەتا

قۆناغی هاوچەرخی لەخۆ گرتووە. سەرباری ئەوەش زانیاریی بێ وێنەی تێدایە، کە لە سەرچاوە هاوسەردەمەکانی خۆی بەرچاو ناکەوێت. (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص22, 60).

نەبوونی رێبازێکی دیاریکراو لە نووسینەوەی زانیارییە مێژووییەکان و پەیڕەوکردنی لە کاتی نووسینەوەی دەستنووسی (موجز تاریخ اربیل)، مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی هەر زانیارییەکی بەردەست کەوتبێت و تایبەت بوو بێت بە شاری هەولێر رایگواستووە و بۆچوونی خۆی لەسەر قسەکانیان نووسیوە. (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص20، 47، 52).

هەندێك جار هەندێ زانیاریی مێژوویی تێدا تۆمار کراوەتەوە کە پەیوەندی بە ناونیشانی دەستنووسەکەوە نییە و دابڕانی دروست کردووە لەرووی رێبازی نووسینەوەدا. بۆ نموونە بڕوانە ئەم ناونیشانانە: (سیدنا آدم علیة السلام, ذرية آدم عليه السلام, مسكن سيدنا شيت عليه السلام, العراق وتسميته, شالخ, اختلاف الألسن واللغات, أولاد سام, الساميون, الهجرة الثانية من العراق, اليمن, مقتل معر بن القبط, عزيز مصر, جالوت, غانم بن علوان) (فرهادی، 1967، دەستنووس، بەشی یەکەم).

پەیڕەونەکردنی رۆژمێریکی دیاریکراو لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەردوو رۆژمێری زایینی و کۆچی بەکارهێناوە بەڵام، دەگمەن نەبێت هیچیان لەگەڵ یەکدیدا بەراورد نەکردووە وەکو خۆی چۆن لە سەرچاوەکاندا نووسراین جارێکی دیکە رایگواستووەتەوە. واتە ئەگەر سەرچاوەکە تەنها رۆژمێری زایینی بەکارهێنا بێت ئەویش نووسینەکەی تەنها رۆژمێری زایینی دەنووسێت بەبێ بەرانبەر کردنی لەگەڵ رۆژمێری کۆچییدا. خۆ ئەگەر سەرچاوەی زانیارییەکەی هەردوو رۆژمێری بەکارهێنا بێت و بەرانبەر یەکی کردبن لەو کاتەدا ئەویش وایکردووە (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص37، 62).

ناڕوونی و پەیڕەونەکردنی ریزبەندیی مێژوویی لە کاتی دانانی سەرە بابەتەکاندا. بۆ نموونە جاری وا هەیە لەپڕ لەناوی مێژووی کۆندا بابەتێکی نوێ نووسراوە و کۆمەڵێك زانیاری لەسەر دراوە، دواتر راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی مێژووی کۆن. بۆ نموونە سەرنج بدە ئەم ناونیشانانە کە لە دەستنووسەکە بەدوای یەکدا هاتوون و باسکراون: (الآشوريون, فائدة, حدياب (إقليم أربيل), مشروع كهرباء أربيل, أربيل عند سفوح الأيام) (فرهادی، 1967، دەستنووس، بەشی دووەم).

**ب- نووسینە مێژووییەکانی دیکەی فەرهادی لەسەر هەولێر:**

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی سەرباری دەستنووسی (موجز تاريخ أربيل)، کتێبێکی بڵاوکراوەی لەژێر ناوی (الإكليل في محاسن اربيل وشفاء العليل وسقاء الغليل من تراث مآثر علماء وأدباء أربيل) دەربارەی ژیننامەی زانایان و ئەدیبان و شاعیرانی شاری هەولێر نووسیوە. ئەم کتێبە زێتر

لە ئینسایكلۆپیدیاییەكی مێژوویی دەچێت، ژیننامەی (465) كەسایەتی تۆمار كردووە و ریز كردووە بە گوێرەی مێژووی ژیانیان. بۆ ئامادەكردنی ئەم كتێبە بیست و ساڵ (1967-1988) كاری كردووە و تێكۆشاوە. كتێبەكە لە پاڵ تۆماركردنی ژیننامەی كەسایەتییەكان، كۆمەڵێك بابەتی بەپێز لەخۆ گرتووە لە بابەتی باسكردنی ناوچەی قەراج و كەندیناوە و سەرۆكەكانی شارەوانیی هەولێر و موتەسەریفەكان و چەند بابەتێك لەسەر تۆپۆگرافیای كۆیە و دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و بێتواتە و بالیسان و مەدرەسەكانی رەواندز و هەولێر و كۆیە. (فرهادي, 2001, ص444-445).

ئامانج لە نووسینی ئەم دانراوەی، وەك خۆی لە پێشەكی كتێبەكەیدا ئاماژەی پێكردووە بریتیبووە لە پارێزگاریكردن لە ناسنامەی شاری هەولێر و بەرزراگرتنی مێژووی زانا و ئەدیبانی هەولێر بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا بكات، هەروەها بەدەستهێنانی رەزامەندی خوایە لە ئاكامی تۆماركردنی مێژووی ئەو كەڵە زانایانەی شارەكە. (فرهادي, 2001, ص1).

**ج: رێبازی فەرهادی لە نووسینەوەی مێژوودا:**

1- روانین و تێگەیشتنی فەرهادی بۆ مێژوو و مێژوونووس:

تێڕوانینی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی بۆ مێژوو، لەو خاڵەوە دێت كە مێژوو زانستە و دەكرێت لە ئاكامی ئاگاداری لە بەسەرهاتە مێژووییەكان پەند و دەرسی گەورەی لێوەربگیرێت. وەك خۆی لە دەستنووسی (موجز تاریخ اربیل) راشكاوانە ئاماژەی پێداوە و نووسیویەتی: (زانستی مێژوو عیبارەتە لە تۆماركردنی بارودۆخی نەتەوە و گەلان و قۆناغە جیاوازەكانیان و ئاكاری تایفە و وڵاتان و رێوڕەسم و دابونەریتیان و پیشەسازی و شارستانی و تۆرەمە و.. بوارەكانی دیكە) هەروەها لەسەر ناساندنی زانستی مێژوو بەردەوام دەبێت و دەنووسێت: (سوودی زانستی مێژوو لە تێگەیشتن و پەند وەرگرتن دایە بەو كاروبەسەرهاتە كۆنانە و بەدەستخستنی ئەزموونە لە ئەنجامی كنە و پشكنینی رووداوە مێژووییەكان) (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص4).

لە ئاكامی ئەوەشدا تێڕوانین و تێگەیشتنی مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی بۆ مێژوو ئەو سنوورەی بەزاندووە كە مێژوو وەك گێڕانەوە و چیرۆك باس بكرێت و تۆمار بكرێت. چونكە ئەو وای بینیوە كە هەموو رووداوێك كە روویداوە هۆ و ئاكامی تایبەت بەخۆی هەبووە، بۆ ئەوەی بەدووربین لە دووبارە نەكردنەوەی ئەو هەڵانەی لە رابردوودا كراون پێویستە مێژوو بە وردی بخوێندرێتەوە. ئەو نووسیویەتی كە ئەوەندە بەسە قورئانی پیرۆز زیاتر لە نەوەد چیرۆكی مێژوویی لەخۆگرتووە (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص4).

سەبارەت بە مێژوونووسیش، مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی نووسیەتی: (مێژوونووس پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ ئەدەبدا هەبێت، سەرباری ئەوەی پێویستە شێوازێكی سەركەوتووی نووسین و

دارشتنی هەبێت، هەروەها کارامەییەکی باشیشی لە ڕێکخستنی گوزارشتکردن و ئاماژە پێدانەکاندا هەبێت) (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص2).

2- ئەو هۆ و پاڵنەرانەی هانی (فەرهاد)یان داوە گرنگی بە مێژوو بدات:

کۆمەڵێك هۆ و پاڵنەر هەبووە کە مەلا عەبدوڵڵای فەرهادیان هانداوە و پێداگیریان کردووە لەسەر نووسینەوەی مێژوو و بەرز ڕاگرتنی لاپەڕەکانی ڕۆژگاری دێرینی شاری هەولێر و ژیننامەی کەڵە زانا و ئەدیبان و شاعیرانی هەولێر، لەوانە: خولیا و ئارەزووی کەسی, کاریگەری هەبووە لەسەر هەوڵدان و کۆششی زۆر لەپێناو نووسینەوەی مێژووی شارەکەی (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص1). چونکە یەکێك لە مەرجەکانی مێژوونووس ئەوەیە کە ئارەزووی لە کارەکەی هەبێت و ئارامگر بێت (باقر و حمید, 1980, ص116؛ عثمان, 1993, ص18)

هەروەها کاریگەری هەستی نەتەوایەتی و خێزان و دەوربەرەکەی پاڵنەر بوونە بۆ نووسینەوەی مێژوو و بەردەوامبوون لەسەر. سەرباری ئەوانەش خوێندنی کتێبە ئایینییەکان و زمانزانی و وتارخوێنی و گەشتەکانی بە ناوچە جیاجیاکاندا، کاریگەریان هەبووە و بوونەتە پاڵنەرێکی باش بە مەبەستی تێکۆشان لەپێناو نووسینەوەی مێژووی شارەکەی (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص1؛ فرهادی، 2001، ص ص391-396).

3- چەسپاندنی ناونیشانی بابەت و مادده مێژووییەکان:

مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی نووسین و بەرهەمە مێژووییەکانی لەژێر چەند ناونیشانێک نووسیوەتەوە و هەر یەکێك لەوانیشی دابەشی سەر چەند لق و ناونیشانێکی لاوەکی کردووە. وەک لە دەستنووسی (موجز تأريخ أربيل) دەردەکەوێت. لەم دەستنووسەدا، مێژوو و جوگرافیا و ناودارانی ئایینی و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی بە ناونیشانەدا لکاندووە. وەك ئەوەی لە بەشی سێیەمی دەستنووسی (موجز تاريخ اربيل)دا بەچاو دەکەوێت، قۆناغ بە قۆناغ و بابەت بە بابەت زانیارییە مێژووییەکانی ریز کردووە و پۆلێنی کردوون. بۆ نموونە بڕوانە ئەم ناونیشانانە کە لە دەستنووسەکەدا بەوای یەکدا باسکراون: (أربيل تحت سيطرة الفرس, أربيل تحت حكم دارا, دارا يقارع إسكندر في وقعة أربيل, نشأت إسكندر المقدوني) (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص76-78).

4- سەرچاوەکان و ڕێبازی بەکارهێنانیان لای فەرهادی

بێگومـان هەمـوو نووسـین و بەرهەمێکـی مێژوویـی پێویسـتی بە کۆمەڵێـك سـەرچاوە هەیە بـۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییە مێژووییەکـان و ڕەوانـدنەوەی تەمـی گومـان لەسـەر ئەو زانیـارییە مێژووییانەی تۆمـار کـراون. مەلا عەبـدوڵڵای فەرهـادی لە نووسـین و بەرهەمە مێژووییەکانیـدا پەیڕەوی لەم مەرج و تایبەتمەنـدییە کـردووە و سـەرچاوەی بەکارهێنـاوە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکانی، بەڵام بەو شـێوازە ئەکـادیمییە نیـیە کە ئەمڕۆ ناوەنـدە ئەکادیمییەکـان لەسەر دەڕۆن. بەڵکو کاریگەرە بە شێوازی مێژوونووسـان و نووسـەرانی سـەردەمی ئیسـلامی. سەرچاوەی زانیارییەکانیشی هەمە چەشنە و زۆرجاریش ماندووبوون و هەوڵێکـی زۆریـداوە بـۆ دەستکەوتنیان، تەنانەت بۆ نووسینی بابەتێکی دیاریکراو لەناو دەستنووسی (موجز تاریخ اربیل)، لەو ڕۆژگـارەدا گەشـتی کـردووە بـۆ شـاری بەغـدا و چـووەتە کتێبخـانەی مۆزەخـانەی بەغـدا و دیداری لێکـۆڵەری ناسـراو (فوئـاد سـەفەر)ی بەرێـوەبەری بەشـی هەڵکـۆڵینی کـردووە، لەپێنـاو دەستکەوتنی سەرچاوەیەکی دیاریکراو. (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص44).

مەلا عەبــدوڵڵای فەرهــادی کۆمەڵێــك ســەرچاوەی هەمەچەشــنی لە دەســتنووس و بەرهەمە مێژووییەکانیدا بەکار هێناوە هەر لە دەقە قورئانی و فەرموودەکان و کتێبی چاپکراو و گێڕانەوە زارەکییەکان و بەیتە شیعرییەکان و بینینە مەیدانییەکان و سەرچاوە ڕۆژنـامەوانی و ئەدەبییەکـان و یادداشتی گەڕیدە بیانییەکان (فرهادی، 1967، دەستنووس، ص ص19-20، 26، 30).

**ئەنجام:**

لێکۆڵینەوەکە پاش خستنەڕووی زانیارییە مێژووییەکان و بەراوردکردنیان بە سەرچاوە ڕەسەنەکان و لێوردبوونەوە لە دەستنووسی (موجز تاريخ اربيل)، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

- مەلا عەبدوللای فەرهادی زانایەکی ئایینیی ناسراوی شاری هەولێر و کوردستانە، هەوڵ کۆششێکی زۆر داوە لەپێناو تۆمارکردنی مێژووی شاری هەولێر و ژیننامەی کەڵە زانایان و ئەدیبان و شاعیرانی هەولێر. لەم رووەشەوە پێشەنگ بووە.
- دەستنووسی (موجز تاريخ اربيل) سەرچاوەیەکی مێژوویی بەسوودە، بە بەراورد بە سەردەمەکەی خۆی، بۆ نووسینەوەی مێژووی شاری هەولێر و دەوروبەری. چونکە هەندێك زانیاریی مێژوویی بێ وێنەی لەخۆگرتووە سەبارەت بە هەندێك بابەتی مێژوویی دیاریکراو، کە لە دووتوێی دەستنووسەکەدا تۆمار کراوە.
- دەستنووسەکە لە پێشەکییەك و چوار بەشی سەرەکی و کۆتایی پێکهاتووە، بەڵام مخابن بەشی چوارەم و کۆتایی ونبووە، تەنیا پێشەکی و سێ بەشی دەستنووسەکە ماوەتەوە. هەر بەشێکیان تایبەت کراوە بە بابەتێکی مێژوویی لە قۆناغە مێژووییە کۆنەکان دەست پێدەکات تا دەگاتە سەردەمی قۆناغی هاوچەرخ. بەڵام بە شێوازی تایبەتیی خۆی نەك ئەو شێوازە ئەکادیمیە ناسراوەی ناوەندە ئەکادیمییەکان پەیڕەوی لێدەکەن.
- مەلا عەبدوللای فەرهادی گرنگییەکی تایبەتی بە نووسینەوەی مێژوو داوە، بە تایبەت مێژووی شاری هەولێر و کەسایەتی و زانایان و نووسرانی ئەو شارە، بۆیە زۆربەی نووسینە مێژووییەکانی دەربارەی شاری هەولێرە. کتێبی (الاكليل فی محاسن اربيل) بە شاکاری بەرهەمە مێژووییەکانی هەژمار دەکرێت.
- مەلا عەبدوللای فەرهادی مێژوو بە زانست تەماشا دەکات و بایەخی تایبەتی پێداوە. کۆمەڵێك مەرجی بەرزی بۆ مێژنووسیش دیاریکردووە. کۆمەڵێك هۆی کاریگەر هەبوونە بۆ هاندانی مەلا عەبدوللای فەرهادی لەپێناو تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووی شاری هەولێر، لەوانە: خولیا و ئارەزووی کەسی، کاریگەریی هەستی نەتەوایەتی، خوێندنی کتێبە ئایینییەکان و گەشتەکانی بە ناوچە جیاجیاکان.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بەڵگەنامە:

الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية الاحوال المدنية العامة, البطاقة الشخصية, رقم (942912)، دائرة أربيل، السجل (18), الصحيفة (3592), 24-6-1980.

الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية الاحوال المدنية العامة, شهادة الجنسية العراقية, رقم المحفظة (49141)، رقم الشهادة (51713), 26-10-1981.

### دووەم: دەستنووس:

فرهادي, عبدالله, بغية الحكام في تنظيم القسام, (غير مطبوع).

فرهادي, عبدالله, قدسية المسجد, ( غير مطبوع).

فرهادي, عبدالله, أزاهير في رياض الاداب وجواهر بلاغة العرب, ( غير مطبوع).

فرهادي, عبدالله, مناهل الحكمة, ( غير مطبوع).

فرهادي, عبدالله, موجز تاريخ اربيل, ( غير مطبوع).

فرهادي, عبدالله, نزاهة القران الكريم من الشعر, ( غير مطبوع).

فرهادي, عبدالله, صفحات الأيام، (غير مطبوع).

### سێیەم: کتێب:

ابن المستوفى، (1980)، تاريخ إربل, حققه وعلق عليه: سامي بن السيد خماس الصقار, وزارة الثقافة والاعلام, بغداد.

باقر و حميد, طه وعبدالعزيز، (1980), طرق البحث العلمي في التاريخ والآثار, الطبعة الاولى, دار الكتب للطباعة والنشر, الموصل.

البحركي, طاهر ملا عبد الله, (2015), حياة الأمجاد من العلماء الأكراد ، الطبعة الأولى، الناشر: دار ابن حزم، بيروت.

البرواري, محمد زكي حسين أحمد, (1999), إسهامات علماء كوردستان العراق في الثقافة الإسلامية ، الناشر: مطبعة وزارة التربية، أربيل.

عثمان, حسن، (1993), منهج البحث التاريخي, دار المعارف, القاهرة.

فرهادي, عبدالله, (2001), الاكليل في محاسن أربيل وشفاء العليل وسقاء الغليل من تراث مآثر علماء وأدباء أربيل, الطبعة الاولى, مطبعة جامعة صلاح الدين, أربيل.

فرهادي, عبدالله, (1952), لمعة البيان في التجويد.

فرهادي, عبدالله, (1956), ايقاع الخلاف ودرء الإعتساف.

فرهادي, عبدالله, (2000), أحسن الصياغة في حلية البلاغة.

فرهادي, عبدالله, (1957), الحج المبرور.

فرهادي, عبدالله, (2001), الاكليل في محاسن اربيل، تاريخ العلماء.

فرهادي, عبدالله, (1957), منافع الصوم ومضار الخمر.

فرهادي, عبدالله, (1985), حديقة الازهار في مولد المختار.

فرهادي, عبدالله, (2000), وجها لوجه مع رسول الله -صلي الله عليه وسلم.

فرهادي, عبدالله, (2004), تبصرة المبتدئ، نظم المقاصد النووية.

مشيحا زخا، (2005)، كرونولوجيا أربيل، ترجمة وتعليق: عبد الاحد نباتي، دار ئاراس، اربيل.

**چوارەم: دیمانە:**

دیمانەیەک لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای فەرهادی، بە مێژووی (17 تشرینی دووەمی 2005)، هەولێر.

دیمانەیەک لەگەڵ حاکم عەبدولباست فەرهادی، بە مێژووی (22ی شوباتی 2019)، هەولێر.

**پێنجەم: لێکۆڵینەوە و وتار**

الكواني, جعفر, (2001)، حياة ملا عبد الله الفرهادي, مجلة ( خوري ئيسلام) ، العدد: (12).

كاكەسوور و محمد، محمد عبدالله و نيشتمان بشير، (2009)، التعليم الديني (الاسلامي) في كوردستان العراق من (1921-1958)، مجلة (زانكو)، العدد (40)، اربيل.

مەلای رەش، عەزیز، (1986)، فەقێیاتی لە دەشتی هەولێر، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (110), بەغداد.

## ملخص البحث

هذا البحث يتضمن دراسة علمية تحليلية لكتاب تأريخي معاصر لأحد الأئمة الأعلام في كوردستان العراق، وهو الشيخ العلامة عبد الله الفرهادي، حيث ألف هذا الكتاب القيم حول تاريخ مدينة أربيل، وذكر المؤلف الفرهادي في كتابه أسماء حكام أربيل وتواريخ أزمنتهم في العهد العباسي والعثماني، ويعتبر الكتاب وثيقة تاريخية جغرافية ثقافية معاصرة لمدينة أربيل.

واقتضت طبيعة الموضوع أن يقسم إلى مقدمة ومباحثان وخاتمة، تناولت في المبحث الأول منه السيرة الذاتية والعلمية والعملية للمؤلف عبد الله الفرهادي، أما المبحث الثاني فقد خصصته للحديث عن أهمية المخطوطة وأسباب تأليفه ومحتوياته وطريقة تأليفه ومصادره، وايضا ذكرت فيه منهج الشيخ الفرهادي في تأليف عرضا وتحليلا ونقدا، والخاتمة احتوت أبرز النتائج التي توصل إليها الباحث.

## Abstract

This research includes an analytical scientific study of a contemporary historical book of one of the imams of the scholars in Kurdistan of Iraq, the Sheikh of Abdullah Farahdi, where he wrote this valuable book about the history of the city of Erbil, which includes the names of the rulers of Erbil and the dates of their crisis in the Abbasid and Ottoman. It, the book is a historical document of contemporary cultural geography of the city of Erbil.

The nature of the subject required that it be divided into an introduction, two chapters, and a conclusion. In the first part, it dealth with the biographical, scientific and practical biography of the author Abdullah Farahadi, the second topic is devoted to talk about the importance of the book and the reasons for its author and its contents and the method of its authorship and sources. mentioned the approach of Sheikh Farhadi in writing the book, presentation, analysis and criticism, and the conclusion contained the most prominent findings reached by the researcher.